# ژنێك له‌ پێكی رابردوودا

## ئه‌م چیرۆكه‌ خه‌لاَتی فیستڤالی دووه‌می ( امیتا) ۲۰۰۲ ی پێ به‌خشرا له‌ سالاَنه‌ له‌ یتالیادا سازده‌كریت

كازیوه‌ سالح

وه‌رزی به‌هار گوڵپۆشی هه‌موو جیهانی كردووه‌ ته‌نها له‌ ماڵه‌كه‌ی ئه‌ودا نه‌بێ كۆچی كردووه‌و گه‌لاَریزانی پایزه‌.

ته‌نیایی رۆحی ده‌گوشی و ئه‌و سه‌رده‌مانه‌ی وه‌بیردینیته‌وه‌ كه‌شاره‌كه‌ی خۆی به‌جێ هیشتبوو له‌م شاره‌دا خۆیو دوو كچه‌كه‌ی نیشته‌جی بوون.

بۆ یه‌كه‌م جاره‌ وای هه‌ست ده‌كرد كه‌ده‌ست به‌سه‌ری كچه‌ بچووكه‌كه‌یدا ده‌هێنیت، تووشی راچه‌نین و دلَه‌راوكی ده‌بیت، حه‌قیقه‌ت ویادگاریكی تال ده‌یباته‌وه‌ بۆ چه‌ند سالێك به‌ر له‌ئیستاو ئیواره‌ی دان پیاداناته‌كه‌ی.

- كالێ هه‌میشه‌ ده‌پرسێ :ـ
- دایكه‌ باوكم بۆچی زوو سه‌فه‌ری كردو نه‌گه‌رایه‌وه‌؟
- كچم باوكت تۆی له‌یاد كردووه‌، ئیتر بۆ ئه‌وه‌نده‌ باسی ده‌كه‌یت؟
- نا ... . باوكم دیته‌وه‌و شتی جوانیشم بۆ ده‌كرِێ !
- كی پیی ووتی ؟
- به‌خوا گیانم ووت !
- چۆن؟
- هه‌موو رۆژێ نامه‌یه‌ك بۆ خوا گیان ده‌نووسم ده‌یخه‌مه‌ ژێر داری كۆلاره‌كه‌م و دوایش كۆلاره‌كه‌م به‌رز هه‌لَده‌ده‌م، دوای كه‌دایده‌گرمه‌وه‌ خواره‌وه‌ نامه‌كه‌ نه‌ماوه‌و خوا گیان وه‌ری گرتووه‌.
- به‌ووشه‌ی (زۆرباشه‌ كچم) ده‌یخه‌لَه‌تینی، به‌لاَم به‌خۆی نییه‌ هه‌نگاوه‌كانی په‌لكیشی ده‌كه‌ن بۆ ژیر قادرمه‌كان كه‌ كۆلاره‌كه‌ی تیدا حه‌شارداوه‌، سه‌یری ده‌كات و پارچه‌ كاغه‌زیكی بچووك له‌ژیر داری كۆلاره‌كه‌دا ده‌ردینی، به‌هه‌زار

حال و پیت پیت ده‌یخوینیته‌وه‌ كه‌ له‌سه‌ری نووسراوه‌ "خوایه‌ گیان ئه‌وه‌ هه‌زار جارم پێ گووتیت، باوكی منیش وه‌كو باوكی ده‌شنێ بیته‌وه‌و یه‌ك دنیا شتی جوانیشم بۆ بهینێ ".

پارچه‌ كاغه‌زیكی تر له‌ژیر ته‌خته‌ی لای راستی كۆلاره‌كه‌دا دانراوه‌، ئه‌ویش به‌ كۆششیكی زۆر ده‌خوینیته‌وه‌ " خوایه‌ گیان خه‌تای من نه‌بوو به‌چكه‌ پشیله‌كه‌ مرد، من ته‌نها پالَم به‌بتلَه‌ غازه‌كه‌وه‌نا، خۆی كه‌وت به‌سه‌ریدا، ئیتر بۆچی باوكم نانیریته‌وه‌ ؟".

هه‌ناسه‌یه‌كی قوول ده‌یباته‌وه‌ بۆ ئه‌و كاته‌ی ده‌یویست له‌باری خۆی به‌ریت به‌لاَم بێ سوود بوو، بۆ لای قسه‌ی خوشكه‌كه‌ی ئه‌و كاته‌ی پیی ده‌گووت" چاكتر وایه‌ ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ ته‌نها بۆ خۆی بپاریزی و باسی نه‌كه‌یت بۆ كه‌س، به‌تایبه‌ت میرده‌كه‌ت، چونكه‌ پیاوان هه‌میشه‌ خۆیان له‌ژنه‌كانیان به‌راستر ده‌زانن و ئه‌وه‌نده‌ش ژن به‌شه‌ره‌فی خۆیان ناوزه‌رد ده‌كه‌ن، ئه‌وه‌نده‌

کەس و کاریان نزیکترە لێیانەوە هەتا ئەو شەرەفە، لەبەر ئەوە خۆت مەخە ئەو داوەوە کەتۆ نێچیریت نەک راوچی"

ئەویش ئازاری رۆژگارو شاردنەوەی ئەو نهێنی یە گەورەیە زۆر گینگڵی پێداوەو ئۆقرەی لەبەر بڕیوە چی دی شاردنەوەی ئەو مەسەلەیە لەشاردنەوەی شەو دەچێت لەشەمشەمە کوێرە .... .

قسەکانی ئەو ئێوارەیەش کە لەژێر دار هەنجیرەکاندا دانیشتبوون دەیانکرد زیاتر دەبوو بەهاندەری.

–ژن ئەگەر هەر کێشەو قسەیەکی خۆی لەمێردەکەی شاردەوە، ئەوە متمانەی پێ ناکات و نرخی بۆ دانانێت.

–ئاخر پیاو هەموو جۆرە قسەیەکی ژنی قبول نییە، هەموو کێشەیەکیشی بۆ چارەسەر ناکرێت.

–مرۆڤ لەهەموو کێشەیەک گەورەترە ..............................

– ئەمەش پاڵنەرێکی باش بوو بۆقسەکردن، بەتایبەت کەئەمی گوندنشین و نەخوێندەوار بەهەزار ناری عەلی پیتەکانی دەخوێندەوە، هەمیشە وەکو خەڵکی گوندەکەیان سەری لە قسەو خوێندەواری و ئەو سەربارییەی ئەو سوڕدەما، چونکە تەنها پیاوێکبوو لەگوندەکەیاندا کە خوێندەوارێکەی گەشتبوو بەئاستی بروانامەی برین پێچی و لەگوندەکەدا بەدکتۆر ناویان دەبرد.

ئێ خۆ ئەگەر مرۆڤ لە هەموو کێشەکان گەورەتر بێت دکتۆری ئەم لەو هەموو مرۆڤانەی ئەو دەیناسێت رۆشنبیرتریشە ئیتر بۆچی نەیڵێت، ئەو سوکایەتی و خیانەتە خراپە کاریەی بۆچی قبولر بێت" بێگومان کەبەوەی زانی زۆر لەئێستا زیاتر ڕێزم لێ دەگرێت، جگە لەوەی ئەمرۆ بێت یان سبەی هەر خۆی دەزانێت ئیتر بۆچی خۆم بۆی باس نەکەم .......... . خۆنامکوژێت، دەبابشمکوژێ خەریکە ئەوەندەی دی خۆم دەبەنگ دەکەم، ئەی ئەمە کوشتن نییە چییە ؟ خۆ ئێستاش رۆژی سەدان جار دەمرمە زیندوو دەبمەوە، مردن هەریەک جارە، دەی ئاکامی هەرچێک بێت هەر لەئێستا باشترە".

نازانێت چەند وشەی درکاندبوو، تەزووی ئازارێکی دژوار پشتی سەری سمی و هاواری گەیاندە ئاسمانە بەجاری بەرچاوی رەش بوو، کەبەئاگا هاتەوە بەسەروچاوو گیانی خلتانی خوێنەوە یەک کەسی خۆیی بەدەوردا نییە، هەرچەندە تەنها دایک و خوشکێکی هەبوو، وەکو خوشکەکەشی دەیگووت :

- تۆ کەست نییە تۆڵەت بسێنی، یاخود بەرگریت لێ بکات.

بەڵام وائەمرۆ لەبەردەمی حاکمدایە کەتۆڵەسێنی هەموو کەسێکە.

- ژن هێنانە جیابوونەوە بەرپرسیاریەتییە، تۆ دڵنیایت دەتەوی جیابیتەوە؟
- زۆریش دڵنیام، لەوە دڵنیاتر کە ئیستا بەچاوی خۆم جەنابت دەبینم
- ئاخر بۆ ئەو تۆمەتەش دەدەیتە پاڵی، دەبی وەکو ئێستای من بیبینی، بەڵگەت هەبی.
- زۆرچاک دڵنیام، ئەو شتانەش بەڵگەی وات نادەنە دەست، کە تۆ ئێستا بیبینی.
- ......................................



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

- ئەوە شایانی کوشتنە بەڵام من دەستی خۆم بەو خەیانتکارەوە پیسء تاوانبار ناکەم

حاکم هەتا ئەو کاتە لەگەڵرٍ ئەمدا وشەیەکی نەدرکاندبوو، لەژێرەوە بە چاوێکی پشکێنەر سەیری دەکرد، پیاوێکی مرومۆچ، سەر رووتاوە، یەکەم جارە پیاوێک دەبینێت ئەو جۆرە قسانە بەژنێک دەدریێتء ئەویش ناڵێت دەست خۆشء لەگەڵیدا ناکەوێتە جنێودان، ئەم پیاوە بەسەنگین دێتە بەرچاو "خۆزگە لەبریاردانیشدا هەروادەبوو" لەناکاودا لێوە ئەستورەکانی دەکاتەوەو چەند شتێک بەزمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە کە (ئەم) تەنها وشەی (المتهمه) ی لیَ تێ دەگات، ئەو وشەی سەردەمانێک بەعسیەکان بۆ کورد قران بەکاریان دەهێنا، هەموو ماناکەی فێرببوون، ئێستا واجارێکی دی بەزمانەکەی ئەوان بەر گوێ ێ دەکەوێ، بەڵام هێشتا نازانێت بەچ مەبەستێک.

لێی دەپرسێ:-

- تۆ چۆن کارێکی وادەکەیت، نازانیت ئەوە پێ ی دەگوترێت (خیانەتی زوجی) و لەیاسادا سزای خۆی هەیە؟

- قوربان من خیانەتم نەکردووە، هەمووشتێکم بۆ خۆی باس کردووە، ئەوەش خۆشی-

- درۆ دەکات جەنابی حاکم، دیارە ئەمە هەر لەسەرەتاوە وابووە.

- ژوورەکەی لەلا پر دەبێت لەژاوەژاو، لەو وشانەی کەئەوی خوێندەوار بەکاری دەهێنی و ئەم لیَ ی تێ نەدەگەیشت و لێی تێ ناگات، هەندیَ جاریش بۆ گاڵتە پێکردن، هەندیَ وشەی بەکاردەهێناو بەمی دەگووت بیڵێتەوە، کاتی ئەمیش لەسەر زمانی قورس بوو، بەهەڵە دەری دەبڕیَ پێی پیَ دەکەنیَ و گاڵتەی پیَ دەکرد، مێشکیَ پڕبووە لەپێکەنین و وشە قورسەکانی و تەنها گوێی لەگریانو پارانەوەی خۆیەتی.

- حاکم گیان، تۆ وەکو باوکێکی دڵسۆزو عادیل نەک وەکو باوکی خەڵک، ویژدانت سەرپشک کە.

- .....................................

- هەزاران جار تۆراوء ماڵم بەجێهێشتووە بۆ ئەوەی جیابێتەوەو لەو شوێنە دوور بکەوێتەوە.

- ......................................

- دەیان جار ناراستەوخۆ لەم جۆرە خیانەتانەم بۆ باس کردووە، بۆ ئەوەی دڵی خەتورەیەک بکات و رزگارم بکات، وای دەزانی چیرۆکی بۆ دەگێرِمەوە.

- . ....................................

- گوناهی من نەبوو لەدەرمانخانەکەی ئەمدا شتێکی هێنابوو، هەموو جار* دەیدا بەلوتمدا، منیش بیَ ئاگا دەبووم یان تەواوبێ* هێزو لاواز دەبووم.

- . ....................................

- ئاخر ئەوساش هەر لەم ئابرِو چونەی ئێستا دەترسام بەبیَ تاوان دەیتوانیَ ئەوەبخاتە پاڵم.

- .....................................

- لەوەش زیاتر چەقۆیەکی گەورەی لێ دەردەهێنام و دەیگوت دەتکوژم و دوایی دەڵێم شتی خراپم لێ بینیوە و لەسەر لەش فرۆشی کوشتوومە.
- ..................................... .
- بۆ قورئان ناخۆم سەدان جار قورئان دەخۆم.
- قورئانیش بخوات هەر تەلاقی دەدەم.
- جابا تەلاقم بدات، ئەو کاتە لەدەست دوو دڕندە، لەدەست مارێکی دوو سەر رزگارم دەبێت بەلاّم بابوختانم بۆ نەکەن دان بەوەدا بنێت کوڕی کێیە،
- قوربان خۆتان گوێتان لێیە، چی بەباوکم دەڵێتء چی دەخاتە پال، ئەوە باوکی منە چۆن وای پێ دەڵێت، ئەزانی باوکی من یانی چی ؟
- دە مادەم وای لێهات من راستێکی لەوە گەورەتریش دەدرکێنم کە ئەم کچە هەشت مانگەشم لە خەزوورمە نەک لە مێردەکەم.

کەئەم سوێندە دەخوات دەستی هێندە تووند بەسەر قورئانەکەوە گرتووە، ئەڵێی چرنوک لەپشتی کەوڵە کۆنە گیردەکات کە تەمەنی جوانی بەختەوەری خێزانەکەی بەخشی بەحەزەکانی خۆی.

سەرجەم داواکاریەکانء نامەکانی کاڵێی خوێندەوە لەهەموویاندا داوای ئەو باوکە دەکات کەبەناوییەوە بانگ دەکرێت، نازانی باوکی راستەقینە لەگەل ناوی خۆیدا زنجیرەی سێهەم وەردەگری و پێویستە نامەکانی بنێرێت بۆ سەرقەبران.

لەپەنجەرەکەوە بۆ کالێ دەنواڕێ، کۆلارەکە بەرز هەڵکردووەو بەگەورەیی لەسەر باڵەکانی نووسیوە " خوایە گیان ئەگەر بۆ ئەم جەژنە باوکم نەنێریتەوە، نەکچی ئەو دەکەمء نەنامەش بۆ تۆ دەنووسم".